# به یاننامەی هاوکاری پارتە سیاسیەکانی کوردستان دژی

# پە لاماری سەربازی رژیمی تورکیا بۆ سەر کوردستان

ئازادیخوازانی جیهان
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان UN
یەکێتی ئەوروپا EU
ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی

جارێکی تر دەوڵەتی تورکیا بڕیاری پەلاماری سەربازی داوە لەدژی هەرێمی کوردستان ی عێراق بە بیانووی لە ناوبردنی هێزەکانی ( پ.ک.ک ) گوایە لە چیاکانی کوردستان خۆیان حەشار داوە لە سنوری نێوان عێراق و تورکیا ،ئەگەرچی دەوڵەتی تورکیا بۆ خۆشیان دڵنیان لە وەی کە هێرشی سەربازی ڕێگا چارەیەکی گونجاو نی یە ، چونکەسوپای تورکیا لە ساڵانی پێشودا چەندین جار هەوڵی ئەوەیان داوە بە ڕێگای سەربازی کێشەکە چارەسەر بکەن بەڵام نەک هەر چارە نەکراوە بەڵکو زیانێکی گیانی وماڵی زۆر لە هەردو لا کەوتوەو هیچ ئاکامێکی نەبووە ئێمە پێمان وایە دەوڵەتی تورکیا دەتوانێت لە ڕێگەی بە دیموکراتیزەکردنی سیستەم و دەسەڵات و بەردەوامبوونیان لە سەر ڕیفۆرمەکانیان دەتوانن چارەسەری کێشەناوخۆییەکانی خۆیان بکەن .
ئەوەی کە جێگای سەرسوڕمانی هەمو لایەکە ئەوەیە دەوڵەتی تورکیا لە پاش هەڵبژاردنە گشتیەکانی لە 22.7.2007 و سەرکەوتنی پارتی دادو گەشەپێدان چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا کە بەردەوام بێ لەسەر ڕیفۆرمەکانی و دان نان بە مافی گەلانی تری ناو وولاتی تورکیاو هەنگاو نان بەرە و بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەروپا ، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو چاوەڕوانیەکان یەکەمین بڕیاری پەرلەمانی تورکیا هەڕەشەی پەلاماری کوردستان و لە ناو بردنی ئەو سەقامگیریەی کە ئێستا لە ناوچەکەدا هەیە بە بیانوی ( پ.ک.ک ) کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێچەوانەی هەموو یاسا نێو دەوڵەتیەکانەو نابێت لە ژێر پەردەی هیچ بیانویەکدا سەروەری وولاتێکی تر پێ شیل بکرێت ،هەموو لایەک باش دەزانن تورکیا بەبیانوی ( پ.ک.ک ) دەیەوێت هەرێمی کوردستانی عێراق کە تاکە ناوچەی ئارامە لە عێراقدا و لە هەموو ڕویەکەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە و تورکیا چاوی پیا هەڵنایەت وتەماعی کردۆتە سەروەت و سامانەکەی و دەیەوێت داگیری بکات وئەو ناوچە ئازادەی کوردستان لە ناویبەرێت ،لە کاتێکدا گەلی کوردو حکومەت وپەرلەمانی کوردستان هەمیشە هەوڵیان داوە باشترین پەیوەندیان هەبێت لە گەڵ دەوڵەتی تورکیاو هەموو دەوڵەتانی تری دراوسێ و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بون کە لە کوردستانەوە خەتەر دروست نەکرێت بۆسەر ئاسایشی هیچ دەوڵەتێکی تر بە تایبەت تورکیا ، بەڵام هەمیشە تورکیا لە بیانو گەڕاوە بۆ ئەوەی پەلاماری کوردستان بدات چونکە لە عەقڵی شۆڤێنێتی تورکیدا پێیان قبوڵ ناکرێت کیانێکی کوردی ئارام وپێشکەوت و هەبێت لە ناوچەکدا بۆیە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن لە ناوی بەرن ، ئێمە لە پارتە کوردستانیەکانی ئەڵمانیا بە توندی ئەو بڕیارەی پەرلەمانی تورکیا ڕەت دەکەینەوە وهەمو ئەو گەف وهەڕەشانەی تورکیا بە نارەوا دەزانین و پێمان وایە بە شەڕو شۆڕو هەڕەشەو سنور بەزاندن کێشەکان چارەسەر ناکرێت و هیچ هێزێک ناتوانێت ئیرادەی گەلی کورد لەناو بەرێت و خەونەکانیان نایەتە دی ، لەهەمان کاتدا پشتگیری تەواوی خۆمان بۆ حکومەت وپەرلەمان وسەرکردایەتی سیاسی کوردستان وگەلی کوردستان دوپات دەکەینەوە و دژی هەموو دەست درێژیەکی دەرەکی دەوەستین کە بکرێتە سەر گەل و خاکی کوردستان ، داوا لە حکومەت وگەلی تورکیاش دەکەین بێنەوە سەر هۆش و دەست هەڵگرن لە زمانی هەڕەشەو پەلامار دان چونکە سەردەم سەردەمی دیموکراسی وجیهان گیریە دونیا ناگەڕێتەوە بۆ دواوە و سەردەمی سوڵتانەکان بە سەر چوو ، ئێمە لە هەست کردنمان بە لێپرسراوەتی دەستی برایەتی و دۆستایەتی درێژ دەکەین بۆ هەر گەل و دەوڵەتێک دۆستایەتی وبرایەتیمان قبوڵ بکات ، لە هەمان کاتدا بەرەنگاری هەموو داگیر کەرێک دەبینەوە کە بیانەوێت دەست درێژ بکەنە سەر گەلەکەمان و وولاتەکەمان داگیر بکەن بۆیەبەهەموویێوەرێک مافی خۆمانە بەرگری لە خۆمان بکەین لە بەرامبەر هەر هەڕەشەیەک کە ڕوو لە وڵاتەکەمان بکات ،
ئێمە پێمان وایە تورکیا بۆ خۆ دزینەوە لەچارەسەری دۆزی ڕەوای گەلی کورد لە و وولاتەدا کێشەی

**(پ.ک.ک )ی کردووه به بیانوو هەڕەشەی لە شکر کێشی دەکات بۆ ناو هەرێمی کوردستان ، لە هەمان کاتدا بە پیلانێکی دەوڵەتانی ناوچەکەی دەزانین بە تایبەت دەوڵەتی سوریا لە سەر زاری سەرۆکی سوریا پشتگیری هێرشی سەربازی کرد بۆسەر هەرێمی کوردستان چونکەدەوڵەتانی ناوچەکەهەبونی هەرێمی کوردستانیان لە ناوچەکەدا پێ قبوڵ ناکرێت و دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە کێشەی بۆ دروست بکەن و لە ناوی بەرن . بۆیە باشترین ڕێگا بۆ کۆتایی هێنان بە هەموو کێشەو تەنگەژەکانی ناوچەکە داننانە با مافی گەلی کوردو ڕێز گرتنە لە ئیرادەی یەکتری و پێکەوە ژیانی برایانە لە ناوچەکەدا لە سایەی ئاشتی وئازادی ودیموکراسیدا .**

هەڤکاری پارتە کوردستانیەکان /ئەڵمانیا
24.10.2007